

## ئاوارە +140- عەگال = قەرەبوو نایگرێتەوە

**خەلیل پالانی**

لەوەتەی خوا بە کوردی دروستکردووین و هەر ئەویش لە نێوچەوانی نووسیوین کە بە ناشوکری نەبێ خەڵکی مەخموور بین، ئەوا مێژوو جگە لە ستەم و زۆرداری و نەهامەتی و دەربەدەری چیتری دەربارەی ئەو شارە بێکەس و ئەو خەڵکە خێر لە خۆ نەدیوەی مەخموورو دەوروبەری تۆمار نەکردووە، دوای پرۆسەی ئازادیش کەوتینە نێو بەرداشی دوو ئیدارەیی ، موسڵ لەلایەك و هەولێریش لەلایەکی تر، ئیتر لە (گ.و.ن)ی هەولێرو لە (گورچیلك)ی موسڵیش بووین .

ئەوەتا لەلایەن لیژنەیەکی سێ قۆڵی عەرەبی شۆڤێنی، بە هەناسەیەکی پڕ لە قین و دوژمنکاری مامەڵە لەگەڵ جێبەجێکردنی دۆسیەی ماددەی 140 دەکەن . دەرەنجامی ئەو رق و کینەیان بەرامبەر بە ئاوارە کوردەکانی ئەو دەڤەرەیە، قەرەبوو نەکردنەوەی زیاتر لە (8000) سەر خێزانی دەربەدەربوو لە (140) گوندی کاولبووی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕی لێکەوتەوە، بە بیانووی ئەوەی پسوولەی خۆراکیان سەر بە موسڵە و ماددەکە نایانگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەو گوندە کوردنشینانە ئاوەدان نەکراونەتەوە، کە ئەمە بە پلە یەك حکومەتی عێراقی بەرپرسیارەو دەبێ پابەند بێ بە ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنەوەی ئەو گوندانە و قەرەبوو کردنەوەی خەڵکە ستەمدیدەکەی، نەبادا ئەمڕۆ بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە ئەو خەڵکە قەرەبوو نەکرێنەوە . رژێم کاتێ هێرشی کردە سەر کوێت و زیانی مادی و گیانی بەو وڵاتە گەیاند، ئێستاش حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت قەرەبووی ئەو زیانە ماددی و گیانییانە دەداتەوە، ئەی چ جای ئەوەی کە رژێمێك زیانی ماددی و گیانی بە دانیشتووانی وڵاتەکەی خۆی دابێت و قەرەبوو نەکرێنەوە .

لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی خاوەن مافی (شنگال) و دەوروبەری قەرەبوو دەکرێنەوەو هاوکات پسوولەی خۆراکیان سەر بە موسڵە، بەڵام ئەوانەی مەخموور نایانگرێتەوە، (بانێکەو دوو هەوا)..! .

ئەریێ بەراست گوێبیستی ئەوە بووم، کە مەسەلەکە پەیوەندی بە (عەگال)ەوە هەیە، دەوترێ ئەوانەی (شنگال) عەگالیان لەسەر ناوە، ئەگەر قەرەبوو نەکرێنەوە ئەوا داینابەزێنن، بۆیە کورد وتوویەتی " بە پاکان بگرن بێ پاکان هی خۆمانە".

کەواتە لەبەر ئەوەی خەڵکی مەخموور (عەگال)ی لەسەر نەناوە، ئەوا قەرەبووەکە نایگرێتەوە، بەمەش ئەو کردارە ژمێرارییە راست دەردەچێ کە بڵێین (ئاوارە + 140 – عەگال = قەرەبوو نایگرێتەوە ) .

## (سلێمان قەرەچووغی)ی حەیرانبێژ :

# پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری ڤیستیڤاڵێکی تایبەت بە هونەری حەیران لە مەخموور سازبکات .



(سلێمان عەلی ئەسعەد) ناسراو بە (سلێمان قەرەچووغی)، ساڵی 1967 لە شاری مەخموور مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران، چاوی ب ژیان هەڵێناوە، قۆناغی سەرەتایی لە مەخموور تەواو کردووەو پاشان تا پۆلی دووەمی ناوەندیی خوێندوووە بە هۆی بارودۆخی سیاسی دابڕاوە، لە ساڵی (1982)ەوە دەستی بە کاری هونەری کردووەو بەشداریی چەندین ئاهەنگ و بۆنەی نەتەوەیی کردووە، لە هەمان کاتدا چەند حەیرانێکی کلیپ و بڵاوکردۆتەوە، لە دوایین بەرهەمیدا سیدییەکی بە ناونیشانی (قەرەچووغ) بڵاوکردۆتەوە کە پێکهاتووە لە پێنج حەیران و چوار بەستەو گۆرانییەك، لە دیمانەیەکدا ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەکرد :

*** بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە مەخموورو دەوروبەری مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیرانە، بەڕای تۆ چ پرۆژەیەك باشە بۆ ئەم هونەرە بکرێت ؟**

– ئاشکرایە کە دەڤەرەکەمان لە بواری فۆلکلۆرەوە بەگشتی و هونەری حەیران بەتایبەتی زۆر دەوڵەمەندە، بۆ ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەو بوارەدا باشتر روون بکرێتەوەو راستییەکان بچەسپێنرێت، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری ڤیستیڤاڵێکی تایبەت بە هونەری حەیران لە مەخموور سازبکات، ئەمەش دەبێتە باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی لێکۆڵینەوەکان کە حەیران لەم دەڤەرەدا سەری هەڵداوە .

*** وەك حەیرانبێژێك چ هەنگاوێك بە گرنگ دەزانیت بۆ زیندووکردنەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بە گشتی و حەیران بە تایبەتی ؟**

– پێشنیار دەکەم کەوا ئەو لیژنەیەی لە وەزارەتی رۆشنبیری دیاریکراوە بۆ کۆکردنەوەو بە ئەرشیفکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکان، کارەکانیان فراوانتر بکەن و چالاکانە تر لەم بوارە رۆڵی خۆیان ببینن، هەروەها پێویستە هاوکاری هونەرمەندانی بواری فۆلکلۆر بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش باشتر رۆڵی خۆمان بخەینە گەڕ لە پێشخستنی هونەری حەیران و بابەتە فۆلکلۆرییەکانی تر .

*** بەم دواییە سیدییەکی حەیرانت بڵاو کردەوە، لەمبارەیەوە هاوکاری کراویت ؟**

– بە داخەوە ! من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کە نەچوومەتە هەندەران، هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەمدا بوومە، بەردەوام لەسەر گیرفانی خۆم کارە هونەرییەکانم ئەنجام داوەو لێشی پەشیمان نیم ، لەبەرئەوەی بۆ خزمەتی نەتەوەکەم کردووەمە ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هاوکارییەك نەکراوم ، بەڵکو زیاتر هاوکاری ئەو هونەرمەندانە دەکرێت کە لە هەندەران دێنەوە ، لەگەڵ رێزم بۆیان .

*** بەڕای تۆ تا چەند کار بۆ پاراستنی فۆلکلۆر دەکرێت لە کوردستاندا ؟**

– فۆلکلۆری کوردی گەنجینەیەکی هێندە سادە و بێ بایەخ نییە، تا بە ئەنجامدانی بەرنامەیەك لە TV دا، یاخود کلیپکردنی حەیرانێك یا بەستەیەك بڵێین کار بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی بواری فۆلکلۆر کراوە، بەڵکو پێویستە لەسەر سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن (بینراو ، بیستراو ، نووسراو) لەم رووەوە ئەرکی خۆیان باشتر جێبەجێ بکەن و خزمەت بە کلتووری نەتەوەکەمان بکەن .

*** دەکرێ بزانین پرۆژەی داهاتووت چییە ؟**

– دوو پرۆژەم لەبەر دەستدا یە ، یەکەمیان لاوکێکە کە تایبەتە بە شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی 5/13 ی شاری مەخموور ، ئەویتریشیان کلیپکردنی حەیران و بەستەیەکە، کە لەبەرهەمهێنانی TVی هەولێرە .

*** دوا وتەت چییە ؟**

– زۆر سوپاسی ساڵنامەکەتان دەکەم کە لە بواری راگەیاندندا خزمەتێکی باش و بەرچاوی دەڤەرەکەمان دەکات .

# دۆمبەلان گۆشتی بەران



**ئا : م . کاوە عەلی**

دۆمبەلان یا (دۆمبەران) لە جیهانی کەڕوەکانە، جا بۆیە هەندێ لە سیفەتی کەڕوەکان دەخەینە روو، کە ( لە شێوەو قەبارە لە یەکتر جیاوازن ، ناوکی راستەقینەیان تێدایە ، لە بەر نەبوونی ماددەی سەوزەکی خۆراکیان بۆ دروست ناکرێت) ، بۆیە هەندێکیان مشەخۆرن، واتا لەسەر گیانلەبەر و رووەك دەژین و تووشی جۆرەها نەخۆشییان دەکات .

سەبارەت بە دۆمبەلان، کە باسەکەی ئێمەیە، شێوەی خڕو پانکۆلەیی هەیەو رەنگی قاوەیی یا سووری تۆخە، هەندێکیان رەنگیان سپییە ، جۆری خۆراکی گەندەخۆرە، واتا لەسەر ماددەی ئەندامی دەژیت ئەم جۆرە ژیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەتوانێت جۆرەها ئەنزیم دەربدات، کە بەهۆیەوە ماددەی ئەندامی ئاڵۆز دەگۆڕێت بۆ ماددەی سادەو ساکار ، لەویشەوە خۆراکی خۆی وەدەست دێنێت .

دۆمبەلان خۆراکێکی بەتام و لەزەتە لای مرۆڤ ، چونکە بڕێکی زۆری پرۆتین تێدایە، بە شێوەیەکی گشتی کەڕوەکان ڤیتامینیان لێ دروست دەکرێت وەك ڤیتامین (B1) و (B6) ، هەروەها بۆ دروستکردنی دەرمانی دژەژیان (Antibioti) سوودی لێ وەردەگیرێت لە دژی هەندێ بەکتریا، هەندێکیش بەکار دێت لە پەنیرسازیی بۆ ئەوەی بۆن و بەرامی خۆش بکات .

لەلای ئێمەش بەساڵاچووەکان دەڵێن (دۆمبەلان گۆشتی بەران) ، چونکە بە تایبەتی دۆمبەلانی دەشتی قەراج تام و چێژێکی زۆر خۆشی هەیە، هەروەها بە رێگای سپورکردن زیاد دەبیت .

# دوو دیمەنی ناشارستانی





ئەم دوو وێنەیەی سەرەوە، دوو دیمەنی ناشارستانی ناو شارە مەخموورن، لە وێنەی یەکەمدا، دیاردەی فڕێدانی قوتووی (بیرە) لە زبڵدانی نێو گۆڕەپانی خوێندنگای (قەراجی سەرەتایی کچان)ی مەخموور دەردەکەوێت ، وێنەی دووەمیش دیمەنی سووتاندنی زبڵدان (حاویە) ی گەرەکی فەرمانبەران لە نێوان دواناوەندیی میدیای کچان و باخچەی ساوایانی گوڵان دەردەکەوێت ، کە لە کاتژمێر (12)ی نیوەشەودا سووتێندرا ، شایەنی باسە کە ئەم زبڵدانە ماوەیەکە لەلایەن شارەوانی مەخموور بۆ گشت کۆڵان و شەقامەکانی نێو گەڕەکەکان دابەشکراوە بۆ پاکڕاگرتنی شارەکە لە زبڵ و پاشماوەکان .

## چاپکراوی نوێ

* **(تەقینەوە هەنسکێك بۆ مەخموور)** : ناونیشانی نامیلکەیەکی شیعرییە، کە لە ژمارە (2) ی زنجیرە بڵاوکراوەکانی (سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ) ە ، و بریتییە لە بەرهەمی کۆمەڵێك لە هۆزانڤانانی دەڤەری مەخموور و بەبۆنەی چلەی ماتەمینی شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی رۆژی 2007/5/13 ی شاری مەخموور بڵاوکرایەوە .

* **ژوانی ئاو** : ناونیشانی چاپکراوێکی تری هۆزانڤان (عەبدولرەحمان بێلاف) ە و (629) هەڵبەست لە خۆ دەگرێت , ئەم بەرهەمە لە بڵاوکراوەکانی ( دەزگای ئاراس )ە , کە پێکهاتووە لە (640) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی , ساڵی 2007 هاتۆتە چاپکردن .





















* **بۆنی بێگانان دێ :** ناونیشانی کۆمەڵێك چیرۆکی ئەفسانەیی کۆکراوەی (خالید جوتیار) ی نووسەر و فۆلکلۆریستە , کە ژمارە (27) ی زنجیرە کتێبی کەلەپووری لە (دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد)ی وەرگرتووە , ئەم بەرهەمە ساڵی 2008 لە چاپخانەی موکریان چاپکراوە .

* **(روخسار و ئەزموون)** : نۆیەرەی چاپکراوی هونەرمەند ئیسماعیل کوێستانی یە ، لە سەرەتای ساڵی 2008 کەوتە بەر دیدی خوێنەران ، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری ، بە چاپ گەیەنراوە و لە شێوەی ئەلبوومێکی جوانەوە کار و چالاکییەکانی هونەرمەندانی هەولێری لە هەر سێ بواری (میوزیك و شانۆ و شێوەکاری ) لە خۆ گرتووە

* **(بەندەی ئەوین )** : ناونیشانی نامیلکەیەکی شیعرییە ، چاپکراوی هۆزانڤان رەحمان گەشتی یە ، کە لە ساڵی 2008 کەوتە بەر دیدی خوێنەران ، ئەم بەرهەمە بە تیراژی (1000) دانە لە کۆوەڵگەی چاپەمەنی شەهاب لە هەولێر چاپکراوە .

* **(گەردوونێك لە جوانی):** ناونیشانی چاپکراوی شیعری هۆزانڤان (فاروق هەژار) ە ، کە لە زنجیرە کتێبی نواڵەی نوێ ژمارە (76) ی ساڵی(2007)ە و ، لەسەر ئەرکی (سەنتەری رۆشنبیری بەهرە) چاپکراوە ، ئەم ئەم بەرهەمەی هۆزانڤان (76) هۆنراوەی لە خۆگرتووە .


ئازادیی قەرەچووغ
Azadi Qerecux

بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کارگێڕی

**جەمیل سنجاوی**

خاوەنی ئیمتیاز

**شاخەوان خالید**

shakhewan@yahoo.com

سەرنوسەر

**خەلیل ئیبراهیم**

parwarpalani@yahoo.com

ساڵنامەیەکی رۆشنبیری گشتیی هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموور و دەورووبەری دەریدەکات

ناونیشان : هەولێر – مەخموور – بارەگای هەرێمی قەرچووغی YNDK

ژمارەی تەلەفۆن: 0662403496

Email: azadiqerechux@yahoo.com